WWW.RUDAW.NET
ڕووداو وەرزشی
ژمارە (366) سێشەممە 2015/9/8 (50[illegible]) دینار
ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تی[illegible]م دەریدەکات

بارسا ڕازی نییە سبەی یاری بکات و بەرازیلییەکانیش گاڵتەی پێدەکەن..

# نیمار بارسێلۆنا و بەرازیل بەشەڕ دێنێت

**ڕووداوی وەرزشی - CNBC**

لەسەر نیمار دا سیلڤای یاریزانی بەرازیلی ناکۆکی دەکەوێتە نێوان بەرپرسانی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی و ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل.

بەهۆی ئەوەی نیمار لەگەڵ هەڵبژاردەی سامبا تووشی پێکانێکی سووک بووە، بەرپرسانی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی ڕازی نین کارلۆس دۆنگای ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل لە یارییە دۆستانەکەی سبەی نێوان هەڵبژاردەی بەرازیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا یاری بە نیمار بکات، بە پاساوی ئەوەی مەترسی ئەوەی لەسەر پێکانەکەی گەورەتر لێبێت، بۆیە داوایان کردووە ڕاستەوخۆ نیمار بگەڕێتەوە بارسێلۆنا بۆ ئەوەی چارەسەری گونجاوی بۆ بکرێت.

بە پێی کەناڵی گلۆپ و سپۆرتی بەرازیلی، دۆنگا و بەرازیلییەکان گاڵتەی بەم داواکارییەی بارسا دێت و سوورە لەسەر ئەوەی نیمار لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل بمێنێتەوەو لەو بارەوە ئەو کەناڵە گوتی «بەرازیلییەکان هەقیانە گاڵتە بە بەرپرسانی بارسێلۆنا بکەن، چونکە لە یاری مەلەگەدا، کە دوای گەڕانەوە لە دابڕانێکی 20 ڕۆژی، نیمار لەلایەن لویس ئێنریکی ڕاهێنەرەوە ماوەی 85 خولەک یاری پێکرا، کەچی ئێستا داوا لە بەرازیل دەکەن یاری بە باشترین یاریزانی خۆی نەکات، بە پاساوی ئەوەی پێکانە سووکەکەی نیمار، کە چارسەریش بووە، تەشەنە بکات و ئەو یاریزانە تووشی پێکانێکی قورس ببێتەوە».





ئالان ڕووی ڕاستەقینەی کریستیانۆ ئاشکرادەکات..

# ڕۆناڵدۆ

## مرۆڤدۆستترین یاریزانی جیهان

3»

بەریتانییەکان

سەری زیدان دەشکێنن 4

## "مێسی هاوخەمی ئالان و هاوڕێی منداڵکوژانە"

3»



زاخۆ لە مارکا

دوای دۆزینەوەی تەرمی ئالان، منداڵە کوردەکەی ڕۆژئاوای کوردستان لە کەنار دەریا، لەلایەن زۆر لە کەسایەتی و دام و دەزگا جیهانییەکان و تەنانەت میدیاکانی جیهانیشەوە پشتیوانی لە کۆچبەران کرا. بەڵام لەوانەیە جوانترین پشتیوانی ئەوەبێت کە ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی نزیک لە یانەی ریال مەدرید بۆ کۆچبەران رایگەیاند. ئەو ڕۆژنامەیە چەند وێنەیەکی کۆچبەرانی بڵاوکردبووەوە باسی منداڵە کوردە ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بۆ خوێنەرانی کردبوو، نووسیبووی "بیرتان دێت کە منداڵانی سووریا لە زاخۆ خۆشەویستی خۆیان بۆ یاریزانەکانمان دەردەبڕی، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئێمەش خۆشەویستی خۆمان بۆ ئەوان نیشان بدەین".

یانەکان مەرج بۆ حکومەتی کوردستان دادەنێن..

# سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان:

# با ئەم وەرزە سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی بودجەمان بۆ دابین بکات

**ئەرسەلان عەبدوڵڵا**

**رووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان داوادەکات ئەم وەرزە سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی هەرێمی کوردستان بودجەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دابین بکات و چیدیکە گلەیی نەکات، یانەکانیش رایانگەیاندووە ئەگەر پارەیان پێ نەدرێت چالاکییەکانیان رادەگرن و بەشداری خولەکان ناکەن.

سەفین کانەبی بە (رووداوی وەرزشی) گوت "ئەگەر ئەم وەرزە بودجەمان بۆ دابین نەکرێت، ناتوانین خول و چالاکییە وەرزشییەکانمان بەڕێوەببەین، چونکە قورسە و لە توانای دارایی ئێمەدا نییە".

یەکێتی تۆپی پێی کوردستان وەرزی رابردوو بڕی 1 ملیار دیناری وەک بودجە بۆ تەرخانکرا، بەڵام لەو بڕەپارەیە تەنیا 250 ملیۆنی وەرگرتووەو وەزارەتی دارایی تاوەکو ئێستا 750 ملیۆنەکەی دیکەی نەداوە، هەرچەندە رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی لەسەردراوە.

سەفین کانەبی، گوتی "پێویستە دەرگەیەک لە وەرزشوانان بکرێتەوەو چارەسەری کێشەی دارایی یانەکان و یەکێتییەکان بکرێ، ئەگەرنا دەکرێت حکومەت پێمانبڵێت وەرزش بوەستێنن تا ئەو کاتەی خۆیان دەیانەوێت".



کانەبی داوای لە حکومەتی کوردستان کرد بودجەی یەکێتییەکەی خەرج بکات بۆ ئەوەی وەرزش و تۆپی پێ بەردەوام بێت و گوتیشی "ناکرێت ژیانی وەرزش بوەستێت و گەنجان پەرشوبڵاوبن و چارەنووسیان نادیاربێت".

سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان، هەروەها رایگەیاند "داوا لە سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی هەرێمی کوردستان دەکەم، کار بۆ دابینکردنی بودجەی یەکێتی تۆپی پێ بکات، با ئەمساڵ بەڕێزیان کار بۆ دابینکردنی بودجەی ئێمە بکات، چونکە گلەیی ئەوەدەکەن ئاگایان لە بودجەی یەکێتییەکە نییە و پرسوڕایان پێناکرێت".

هەروەها گوتیشی "دابینکردنی بودجەی ئەم وەرزەی چالاکییەکانی ئێمە دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان".

هەروەها داواشیکرد، حکومەت لە بەخشینی پارە و هاوکاری بە یانەکان، دادپەروەری بکات و جیاوازی لە نێوان یانەکاندا نەکرێت.

## یانەکان مەرجیان بۆ حکومەت هەیە

دەستپێکردنی ئەم وەرزەی خولەکانی کوردستان دوادەکەوێت و ئەمەش لە کۆبوونەوەی یانەکان لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێ لە شەممەی رابردوودا دووپاتکرایەوە.

نوێنەری یانە نایاب و پلە یەکەکان، لە کۆبوونەوەیان لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێدا، کە جێگری سەرۆک و ئەمینداری گشتیی لیژنەی ئۆڵۆمپیش ئامادەبوون، بە کۆی دەنگ بڕیاریان دا لیژنەیەک دروست بکرێت بۆ بەرزکردنەوەی یاداشتێک بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، کە داوای خەرجکردنی مینحەی یانەکان و بودجەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بکرێت و ئەگەر ئەنجامیشی نەبوو، ئەوا خولەکانی کوردستان لە کاتی دیاریکراو و وەک ساڵانی پێشوو بەڕێوەناچێت و رەنگە هەر ئەنجامیش نەدرێت.

لیژنەکە لە سەرۆک و جێگر و سکرتێری یەکێتی تۆپی پێ و 6 نوێنەری شارەکانی کوردستان پێکهێنراوە و بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە 2015/9/8 لەگەڵ لیژنەی وەرزش و لاوانی پەرلەمانی کوردستان کۆببنەوە و دواتریش لەگەڵ وەزیری رۆشنبیری و لاوان و بەڕێوەبەری گشتیی وەرزش کۆببنەوە و پاشان بەهەموو لایەک یاداشتێک ئاراستەی سەرۆکایەتی حکومەت بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دارایی یانە و یەکێتییە وەرزشییەکان.

هاوکات یانەکان لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێ رێککەوتن، کە ئەگەر مەرجەکانی لیژنەکە پەسندکرا و مینحە و بودجە دابینکرا، ئەوا خولی نایابی کوردستان لە وەرزی نوێ لە 2015/11/20 دەستپێبکات و خولی پلە یەکیش لە 2015/12/20 بەڕێوەبچێت.

لە بەریتانیا بە زانای لەشجوان ناسراوە..

# زانا بەشداری لە پاڵەوانیەتی سەرتاسەری بەریتانیا دەکات



**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

زانا محەممەد ئەحمەد، پاڵەوانێکی کوردی دانیشتووی سکۆتلەندایە، دوای بەدەستهێنانی پلەی سێیەم لە پاڵەوانیەتی UKBFFبلیتی بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی سەرتاسەری بەریتانیای بەدەستهێنا، کە بڕیارە مانگی داهاتوو ئەنجام بدرێت.

زانا محەممەد ئەحمەد، کە بە زانای لەشجوان ناسراوە، یەکێکە لەو وەرزشوانانەی لەسەر ئاستی بەریتانیادا توانای ململانێکردنی گەورەترین لەشجوانانی ئەو وڵاتە و تەنانەت ئەورووپاش هەیە، بەڵام وەکخۆی بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند کێشەی ئەو نەبوونی مۆڵەتی نیشتەجێبوونە لە سکۆتلەنداو گوتی "بەهۆی ئەنجامە باشەکانمەوە لە ساڵی 2010 و 2011 و ئەمساڵیش چەندین داوەتنامەم پێگەیشتووە، بۆ ئەوەی بەشداری لە چەند پاڵەوانیەتییەکی نێودەوڵەتیدا بکەم، لە وڵاتانی نەمسا، ئۆکرانیا، تورکیا و بەرازیل، بەڵام لەبەر نەبوونی مۆڵەتی نیشتەجێبوون، ناتوانم بەشداری بکەم". هەروەها گوتیشی "ئاواتی هەرە گەورەمە بەشداری بکەم و ئاڵای کوردستان بەرزبکەمەوە. هیوادارم رۆژێک بتوانم بگەڕێمەوەو خزمەتی کوردستانەکەم بکەم".

زانای لەشجوان، رۆژی 2015/5/24 لە سکۆتلەندا بەشداری لە پاڵەوانیەتیUKBFF SCOTTISH CHAMPIONSHIPS کرد لە کێشی 100 کیلۆگرام، لە کاتێکدا کە کێشی تەنیا 91 کیلۆگرام بوو، لەگەڵ ئەوەشدا وەک ئەو گوتی "سوپاس بۆ خوا توانیم پلەی یەکەم بەدەستبهێنم، بە ئامادەبوونی هەزاران بینەر، کە لەناویاندا خەڵکانی ئاسایی و وەرزشوانە بەناوبانگەکانی وەک رۆزی مارت و شاون جوزێفو و کۆمەڵێک لە راهێنەران هەبوون، کە پێیانوابوو یەکێکم لە کاریگەرترین وەرزشوانانی پاڵەوانیەتییەکە".

کۆتا بەشداریکردنی زانای لەشجوان، دەگەڕێتەوە بۆ 2013/5/26 لە پاڵەوانیەتی UKBFF ، پلەی سێیەمی بەدەستهێناوە. کە بەهۆیەوە پلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم سەردەکەون بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی سەرتاسەری بەریتانیا، بە ناوی BRITISH CHAMPION FINAL، کە ئەمساڵ لە مانگی داهاتوو بەڕێوەدەچێت و زانا یەکێک دەبێت لە بەشداربووان. زانا دەڵێت "ئێستا لە قۆناخی خۆئامادەکردندام بۆ بەشداریکردن لەو پاڵەوانیەتییەدا". هەروەها گوتیشی "پشتیوان بەخوا ئاڵای کوردستان و سەری هەموو کورد بەرزدەکەمەوە".

زانای لەشجوان، کە 1979/10/15 لە قەڵادزێ لەدایکبووەو ئێستا دانیشتووی سکۆتلەندایە، دەیەوێ لە رێگەی (رووداوی وەرزشی)یەوە سوپاسی هەموو ئەوانە بکات کە پاڵشت و هاندەری ئەون و دەڵێت "دەمەوێت سوپاسی خێزانەکەم، هاوڕێکانم، هەوادار و لایەنگرانم بکەم کە لەگەڵمدابوون و پاڵپشتیان کردم، ئەمە مانایەکی زۆری بۆ من هەبوو، ئەوان هەمیشە هاندەرمن". هەروەها گوتیشی "هەموو ئەوانە دڵنیا دەکەمەوە کە هەرگیز دەست لەم وەرزشە هەڵناگرم، چونکە لەگەڵ خوێن و دەمارەکانی لەشم تێکەڵبووە، من هەموو شتێ دەکەم تاوەکو بە ئامانجەکانم دەگەم، گوێ نادەم بەوەی سبەینێ یان ساڵی داهاتوو یان 5 ساڵی داهاتوو چی دەبێت".

ئەم سەرکەوتنانەی زانا بە هاوکاری هیچ کەسێک نەبوونە، هەمووی لە ئەنجامی خۆماندووکردن و لەخۆبوردەیی خۆی هاتوونەتەدی "تاوەکو ئێستا کەس هاوکاری نەکردووم، تەنانەت لە کاتی راهێنانیشمدا هەر تەنیام، خۆم بەتوانای خۆم و خوێندنەوەی بەردەوام و زانیاری کۆکردنەوەم دەربارەی ئەم بوارە وەرزشییە تواناکانی خۆم پەرەپێداوە".

زانای لەشجوان دەڵێت "ئێستا من بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدام بتوانم زیاتر گەشە بەخۆم بدەم و ئەزموونی زیاتر وەربگرم، بەهیوای ئەوەم بەهەر جۆرێک بێت لە زووترین کاتدا بگەڕێمەوە کوردستان و خزمەتی هەموو ئەو کەسانە بکەم کە ئارەزووی ئەم جۆرە وەرزشە دەکەن".

### کورتەیەکی مێژوویی

زانا، ساڵی 1998 لە قەڵادزێ دەستیپێکردووە، بەڵام لە ساڵانی 2000 و 2003 چەندان جارپچڕپچڕ کەوتووەتە یاریکردنەکەیەوە. بەشداری چەندان پاڵەوانیەتی کردووە لە شارەکانی سلێمانی، قەڵادزێ، رانیەو کۆیە. نەبوونی شوێنی گونجاو و گرنگی نەدان بەم وەرزشە، بوونەتە هۆکاری رۆیشتنی بەرەو هەندەران، تاوەکو لە ساڵی 2008ەوە بەردەوام بووەو توانیویەتی بەشداری کۆمەڵێک پاڵەوانیەتی لەشجوانی بکات و لە بەریتانیا ئەنجامی باشی بەدەستهێناوە.

ساڵی 2009 یەکەم بەشداریکردنی بووە لە پاڵەوانیەتیSOUTH COAST لە سکۆتلەندا، تێیدا پلەی دووەمی بەدەستهێناوە. دووەم بەشداریشی لە پاڵەوانیەتی N.A.B.B.A لە ئێرلەندا بووەو پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە. شێوازی ئەم پاڵەوانیەتییە بەپێی باڵای یاریزانەکان پۆلێن کرابوو، کە زانا لە باڵای 170 ـ 180سانتیمەتر بەشداری کردووە.

سێیەم بەشداریشی لە پاڵەوانیەتی R.I.B.B.F بوو لە ئێرلەندا، کە تێیدا پلەی سێیەمی بەدەستهێناو شێوازەکەی بەپێی کێش بووە لە نێوان 80 ـ 90 کیلۆگرام. ئەو لە کێشی 90 کیلۆگارم بووە. رۆژی 2013/4/20دا لە پاڵەوانیەتییەکدا بەناوی N.A.B.B.A بەشداری کردووەو پلەی چوارەمی بەدەستهێناوە.

# یانەی زێرەڤانی بەڵێن دەدات و بەڵێنی پێدراوە

**کارزان کانەبی**

**رووداوی وەرزشی ـ دهۆک**

سەرۆکی یانەی وەرزشیی زێرەڤانی بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند پارێزگاری دهۆک بەڵێنی تەواوکردنی یاریگەی ئێمەی پێداوین و گوتی "هەر کە یاریگەکەمان تەواوبوو، ئێمە زۆر بە تامەزرۆییەوە بەشداری خولی عێراق دەکەین". هەروەها گوتیشی "ئەوکات ئێمەش پشت بە گەنجانی شارەکەمان دەبەستین".

هەرچەندە یانەی زێرەڤانی ماوەی 3 ساڵە رێگە بە هیچ یانەیەکی شارەکانی دیکەی کوردستان نادات تامی بەدەستهێنانی نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بکەن، بەڵام لەوانەیە ئەمساڵ ئەم رێگەیە بۆ یانەی زێرەڤانی زەحمەت بێت، بەهۆی قەیرانی دارایی و کۆچی ژمارەیەک یاریزانانی یانەکە بۆ خولی عێراق. عەبدولخالق حەسەن، سەرۆکی یانەی زێرەڤانی بە (رووداوی وەرزشی) گوت "ئێمە ئەمساڵ وەک سەرجەم یانەکانی دیکەی کوردستان گرفتی داراییمان تووش بووە، بۆیە ژمارەیەک لە یاریزانانی یانەکەمان ریزی یانەی زێرەڤانیان جێهێشتووەو چوونەتە یانەکانی دهۆک و زاخۆ، بۆ بەشداریکردن لە خولی عێراق".



ئەو گوتی "8 یاریزانی سەرەکیمان ریزەکانی یانەکەمانیان جێهێشتووە، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە تەنیا توانای گرێبەستی 40 ملیۆن دینارمان هەیە، کەچی یانەکانی بەشدار لە خولی عێراق 100 ملیۆنیان بە یاریزانانی ئێمە داوە، ئیدی چۆن یاری بۆ ئێمە دەکەن".

بۆ پڕکردنەوەی شوێنی ئەوانیش سەرۆکی یانەی زێرەڤانی، گوتی "ئێمە ئەمساڵ تەنیا گرێبەستمان لەگەڵ هەریەک لە یاریزانان ئاراز قادر و رێکان ئیحسان لە یانەی سلێمانی و ئەرکان مەحموود لە یانەی شێروانە کردووەو 11 یاریزانی تیپی لاوانیشمان سەرخستووە بۆ تیپی یەکەم بۆ ئەوەی شوێنی یاریزانە کۆچکردووەکان پڕ بکەینەوە". لە بارەی گرفتەکانیش ناوبراو گوتی "گرفتی ئێمە تەنیا نەبوونی یاریگەی پێویستە لەگەڵ گرفتی دارایی، نووسراومان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش کردووە، بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکەن، کە تاوەکو ئێستا هاوکاری کەسی نەکردووە". هەروەها گوتیشی "پارێزگار بەڵێنی پێداوین، یاریگەکەمان بۆ تەواو بکەن، ئەگەر یاریگەمان تەواوبوو، ئێمەش بەڵێن دەدەین بەشداری لە خولی عێراقدا بکەین".

# پێشمەرگەی سلێمانی خۆی کۆدەکاتەوە

**هەرێز جەمال**

**رووداوی وەرزشی ـ سلێمانی**

تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ئامادەکارییەکانی بۆ وەرزی نوێی خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان دەستپێدەکات و چاویشیان لەگەڕانەوەیە بۆ نێو گەورەکان.

سەردار ساڵح، راهێنەری تیپەکە بە (رووداوی وەرزشی)ی گوت "بەم نزیکانە بەشێوەیەکی فەرمی یەکەی مەشق و راهێنانی نوێ بۆ وەرزی نوێ بە بەشداری چەند یاریزانێک دەسپێدەکەین، چونکە بڕیارە لە مانگەکانی داهاتوو خولی پلەیەک دەست پێبکاتەوە."

هەورەها گوتیشی "تاوەکو ئێستا بەفەرمی گرێبەستمان لەگەڵ سێ یاریزانی نوێ واژووکردووەو چەندین یاریزانی دیکەش بڕیارە پەیوەندی بە پێکهاتەکەمانەوە بکەن لە هێنانی یاریزانی دیکەش بەردەوام دەبین، چونکە چاومان لەسەر دووبارە گەڕانەوەیە بۆ نێو گەورەکان".



وەرزی رابردوو تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی لە خولی نایابەوە دابەزییە ریزی پلە یەک و ئەم وەرزە لەو خولە رکابەری دەکات .





ئەرسەلان عەبدوڵڵا

# دواجار فێری هەڵوێستوەرگرتن بوون؟!

دواجار یانەکانی کوردستان بەرامبەر قەیرانی دارایی وەرزش و نەبوونی بوودجە و مینحەوە، گەیشتە لووتیان، ئارامیان لێ بڕا و بە یەک دەنگ گوتیان "نا". ئەم پێشهاتە لە کۆبوونەوەی سەرەتای ئەم هەفتەیەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لەگەڵ نوێنەری یانەکاندا هاتەئارا و بەلای منەوە جێگەی دڵخۆشی بوو. دەزانن بۆ؟ چونکە لەراستیدا وەرزش و پرۆسەی وەرزش بەمشێوەیە بەڕێوەناچێ و لە سەردەمی پێشکەوتووی ئەمڕۆدا، بەرەوپێشبردن و بەردەوامی ئەم بوارە لە باشووری کوردستاندا، بە قەرز و خاترانە ناکرێت.

هەڵوێستی یانەکان بە زۆرینە، و بە پێشنیازەکەی سەرۆکی یانەی هندرێن، پێموایە وادەکات وەرزشی کوردستان و مامەڵەی حکومەتی کوردستان بەرامبەر پرۆسەی وەرزش بگۆڕێت و ئیدی دەبێت چارەسەرێکی ئەو بارودۆخە سەختەی وەرزش بکرێت. وەرزی رابردوو تەنیا یەکێتی تۆپی پێ خول و چالاکییەکانی بە زەحمەتی زۆر بەڕێوەبرد و ئێستاشی لەگەڵدابێت، هەندێک لە خولەکان تەواونەکراون، یەک یەکێتی دیکەش نەیتوانی خولەکانی ئەنجامبدات. راستە کوردستان و حکومەتەکەی قەیرانی دارایی هەیەو شەڕی داعش لەئارادایەو زۆر لە سێکتەرەکانی دیکەی ژیان لە وەرزش گرنگترن و پێشبینە بۆ ئەوان دەبێت لە رووی دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانەوە. بەڵام با ئەوەمان لەبیرنەچێ، گەنج و وەرزشوانانی ئەم وڵاتەش، سەرمایەکی گەورەی دیکەن و ئەگەر بارودۆخەکە بەمشێوەیە بەردەوام بێت، ئەوا لەدەستیان دەدەین، ئەگەر یاریگە و هۆڵەکان چۆڵ بن و چالاکی و خول نەبێت، ئیدی گەنجان بژاردەی دیکەیان هەیە، چایخانە و بارِ و تەنانەت سەرهەڵگرتن بەرەو دەرەوەی وڵاتیش، نزیکترین بژاردەن. پێموایە دەبوو یانەکان زووتر و هەر لە وەرزی رابردوودا ئەو بڕیارەیان بدایە، وەکو ئەوەی شەممەی رابردوو، کە ئەگەر مینحە و پارەیان بۆ دابین نەکرێت، ئیدی ئەوانیش بەشداری خولەکان ناکەن. بەڕێوەنەچوونی چالاکی وەرزشی و هونەری و رۆشنبیری لە هەر وڵاتێکدا بەهۆی هەر بارودۆخێکەوە بێت، کاردانەوەی خراپی دەبێت و هەستی نەتەوەییش لاواز دەکات، بۆیە پێموایە کاتی ئەوە هاتووە حکومەتی کوردستان بیر لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بکاتەوەو رەنگە بیرۆکەو پرۆژەو پێشنیازی زۆر و باش هەبن بۆ چارەسەرکردنی و مەرج نییە هەمووی بە پارەی حکومەت بکرێت. هەر لەو سۆنگەیەوە، پێموایە کاتی ئەوە هاتووە، ئەم قەیرانە، حکوومەت ناچاربکات بە سێکتەری وەرزشدا بچێتەوەو دووبارە ئامانج و ستراتیژیەتی وەرزش لەم هەرێمەدا دابرێژێتەوە، کە ئایا وەرزش بۆچی و بە چ ئامانجێک دەکرێ و پرسیار و بەدواداچوونی ئەوەش بکات، ئەم هەموو ملیۆنان دۆلارەی لە ساڵانی نزیکی رابردوودا خەرجی کرد، بەرهەم و دەستکەوتەکەی چی بوو؟.

KOREK





5 ـ 150

دوای ئەو یارییەی بەرامبەر هەڵبژاردەی بولگاریا ئەنجامیدا، جیانلویجی بۆفۆنی گۆڵچی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا ریکۆردێکی دیکەی تۆمارکرد و بووە پێنجەمین یاریزان لە ئەوروپا لە رووی بەشداریکردن لە زۆرترین یاری لە پاڵاوتنەکانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا. ژمارەی یارییەکانی بۆفۆن گەیشتە 150 یاری. تەنیا 3 یاریزانی ئەوروپا لەو زیاتر یارییان لەم پاڵەوانیەتیانەدا کردووە. ئەوانیش بریتین لە فیتالیس ئیستافیس 167 یاری لەگەڵ لاتفیا. ئیکەر کاسیاس 163 یاری لەگەڵ ئیسپانیا. مارت ریم 157 یاری لەگەڵ ئیستۆنیا و لۆسەر ماتیۆس 150 یاری لەگەڵ ئەڵمانیا.

هەموو ئەو تۆمەتانەی بەدرۆخستەوە کە دەدرانە پاڵ کریستیانۆ..

# ئالانی کورد مرۆڤدۆستیی رۆناڵدۆی دووپاتکردەوە



ئا: ئیحسان تاهیر

ئەو رووداوە جەرگبڕەی تێیدا ئالانی کوڕە کوردە تەمەن 3 ساڵەکەو برایەک و دایکی لەناو دەریادا خنکان، رووی راستەقینەی کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئاشکراکردو هەموو ئەو تۆمەتانەی لەسەر لابرد، کە ئەو یاریزانەیان بە کەسێکی لەخۆبایی و خۆبەزلزان لە قەڵەمی دەدا.

## ئالان پێوەرە

هەمیشە دەگوترێت رۆناڵدۆ کەسێکی لەخۆباییە، بەردەوام بەدوای ئافرەتانەوەیە، بەڵام دوای رووداوەکەی ئالان عەبدوڵڵا، ئەو منداڵە کوردەی کە لەنێو دەریای ناوەڕاستدا خنکا لەوکاتەی دەیویست لەگەڵ دایک و برایەکی بەرەو ئەوروپا کۆچ بکەن، تەرمەکەی لە کەنار دەریا لە بۆدرومی تورکیا دۆزرایەوەو هەموو جیهانی هەژاند، رووی دیکەی رۆناڵدۆی نیشانی جیهاندا، چونکە بەر لە هەموو کەسایەتییە بەناوبانگەکانی جیهان هاوخەمی و هاوسۆزی تەواوی خۆی بۆ ئالان و کۆچبەران دەربڕی و بێجگە لەوەی لەگەڵ هاوڕێکانی لە هەڵبژاردەی پورتوگال خولەکێک بۆ گیانی قوربانیان راوەستان، هەروەها لە فەیسبووکەکەیشی رایگەیاند "ئالان هەموومانی نیگەران کرد، ئەو دیمەنە زۆر جەرگبڕ بوو". هەروەها نووسیبووی "بینینی وێنەی خنکاوەکان لەبەردەم کەنارەکان بۆ هەموو ئەندامانی هەڵبژاردەی پورتوگال مایەی شۆک بوو، کە پشتیوانی تەواوی خۆیان بۆ کۆچبەران دەردەبڕن".



## کەتالۆنییەکانی بێدەنگکرد

ئەم هەڵوێستەی رۆناڵدۆ لە کاتێکدایە کە بەر لە رۆژێک لە رووداوی خنکانی ئالان، رۆژنامەکانی کەتالۆنیا هێرشێکی توندیان کردە سەر رۆناڵدۆ، بەهۆی ئەوەی گوتبووی "زۆر لە مردن دەترسێم، نامەوێ بە گەنجی بمرم". ئەوان کریستیانۆیان بەوە تۆمەتبار کردبوو، کە بەهۆی ئەوەی بە منداڵی ژیانێکی سەخت و ناخۆشی بەڕێکردووە، باوکی بەهۆی ئالوودەبوونی بە کهول لە تەمەنی 51 ساڵی مردووەو برا گەورەکەیشی لە تەمەنی 40 ساڵی ئالوودەبووە بە خواردنەوەی کهول، بۆیە وەک خۆیان دەڵێن "رۆناڵدۆ بەو هۆکارە تەنیا خەمی خۆیەتی، لای ئەو تەنیا ژیانی خۆی گرنگە". بەڵام رووداوەکەی ئالانی کوردی پێیگوتن "ئەو وێنەیەی راگەیاندنەکان تاوەکو ئێستا لەسەر رۆناڵدۆ پێشانی جیهانیان داوە، رووی راستەقینەی ئەو نیشان نادەن، بەڵکو رووی راستەقینەکەی بریتییە لەوەی رۆناڵدۆ کەسێکی دڵ گەورەو بەسۆز و مرۆڤدۆستە".

## زۆر کاری دیکەش

باشترین یاریزانی جیهان، پێشتریش چەندین کار و پرۆژەی خێرخوازی پێشکەشی هەزاران و لێقەوماوانی جیهان کردووە، ئەو لە ساڵی 2014ەوە ماوە ماوە هەوڵ دەدات ئەو وێنە نەرێنییە بسڕێتەوە، کە راگەیاندنەکان بۆی دروست دەکەن، ئەویش لە رێگەی ئەنجامدانی کاری مرۆیی.

رۆناڵدۆ پێشتر لەسەر فەیسبووک بڕی 30 ملیۆن دۆلاری بۆ یارمەتیدانی سۆماڵ کۆکردەوە. هەروەها پێڵاوەکەی خۆی بەخشییە دەزگای ریال مەدریدی خێرخوازی، کە هەڵدەستێت بە فرۆشتنی کەل و پەلی یاریزانان لە زیادکردنی ئاشکرا و داهاتەکەشی دەداتە قوتابخانەی منداڵانی فەلەستین لە کەرتی غەززە. ماڵپەڕی فەرمی ریال مەدرید باس لەوە دەکات "زیادکردن لەسەر پێڵاوەکەی رۆناڵدۆ لە 700 یۆرۆ دەستیپێکرد، بەر لەوەی نرخەکەی لە کۆتایی زیادکردنە بگاتە 2400 یۆرۆ".

رۆناڵدۆ پێشتریش جەمەدانی فەلەستینی لەملی کرد ئەو رۆژەی خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهانی پێدرا، ئەوکاتەی یاریزانی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی بوو. بێجگە لەوەی رۆناڵدۆ لە کاتی سەردانەکەی بۆ کوێت لەگەڵ ریال مەدرید خەونی منداڵێکی کوێتی بەناوی زەید بەدیهێنا، کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە، لە نەخۆشخانەیەکی تایبەت سەردانی کرد و وێنەی لەگەڵ گرت. هەروەها چەندین کاری دیکەشی ئەنجامداوە.

## عەرەب بێباک بوون

ئەوەی لە رووداوەکەی ئالاندا زۆر جێگەی سەرەنج بوو، هەڵوێستی هەڵبژاردە و یاریزانانی عەرەب بوو، کە رۆژی دوای رووداوەکە 8 هەڵبژاردەی عەرەب یارییان هەبوو، هیچ یەکێکیان هەڵوێستیان بەرامبەر ئالان و کۆچبەران نەبوو، لە کاتێکدا زۆربەی هەڵبژاردەکانی ئەوروپا بۆ گیانی کۆچبەران خولەکێک وەستان.


لەو رۆژەدا تەنیا محەممەد سەڵاحی یاریزانی میسری یانەی رۆمای ئیتاڵی لە رێگەی فەیسبووکەوە پەیامێکی هاوسۆزی بۆ ئالان ناردو نووسیبووی "هاوڕێکەم بە ئارامی بخەوە".



"رۆژێک بەر لە رووداوەکەی ئالان، کەتالۆنییەکان رۆناڵدۆیان بەوە تۆمەتبارکرد کە تەنیا بیر لە بەرژەوەندی خۆی دەکاتەوە"

دەیەوێ پۆستی بالیۆزی یۆنسێفی لێوەربگرێتەوە..

# هیومن رایتس وۆچ واز لە مێسی ناهێنێت



"مێسی هاوڕێیەتی لەگەڵ بکوژانی منداڵان هەیە"

ئا: رووداوی وەرزشی

رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ رەخنە لە لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی دەگرێت و داوادەکات چاو بەو پۆستەیدابخشێنرێتەوە، کە وەک بالیۆز لە یونیسێف پێیدراوە.

لیونێل مێسی ئەستێرەی بارسیلۆنا باوەری نەکرد، ئەو رەخنانەی لە ئاکامی سەردانەکەی بۆ گابۆن بەر لە دوو مانگ، بە مەبەستی دانانی بەردی بناغەی یاریگەیەک کە پاڵەوانیەتی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا لە ساڵی 2017 لە باوەش دەگرێت، لەو رۆژانەی دوایی کەمبووەتەوە، کە ئەوکات تۆمەتبارکرا بەوەی 3.5 ملیۆن یۆرۆی لەو وڵاتە وەرگرتووە، کە بەدەست قەیرانێکی دارایی توند دەناڵێنێت.

## هیومن رایتس وۆچ تووڕەیە

رێکخراوی هیومن رایتس وۆچ، بۆ مافەکانی مرۆڤ هێرشێکی توندتری بۆ سەر مێسی دەستپێکرد و رەخنەی ئەو سەردانەی بۆ گابۆنی لێگرت، نەوەک لەبەر ئەوەی پارەیەکی زۆری وەرگرتووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی مامەڵەی لەگەڵ سەرۆکی گابۆن عەلی بۆنگۆ کردووە، کە بەوە ناسراوە تاوانی زۆری دژی گەلەکەی ئەنجام داوە، لە راگەیاندراوی رێکخراوەکەدا هاتووە "مێسی بەشداری ئاهەنگ لەگەڵ ستەمکاران دەکات".

## چاو بە پۆستی بالیۆزبخشێندرێتەوە

هاوکات لەگەڵ ئەوەی رێکخراوی هیومن رایتس وۆچ، هێرشی کردە سەر سەرۆکی گابۆن و بەوە تۆمەتباری کرد، رۆڵەکانی گەلەکەی خۆی دەکوژێت و بەئەنقەست ئازاری منداڵان دەدات، رەخنەیەکی زۆریشی لە مێسی گرت، لەبەر ئەوەی مامەڵەی لەگەڵ سەرۆکێکی تاوانبار کردووە، هەر لە هەمان راگەیاندراودا رێکخراوەکە دەپرسێت "مێسی کە شەرەفی بالیۆزی رێکخراوی یۆنیسێفی لە جیهان پێدراوە، چۆن ئەو هەڵە گەورەیە دەکات و بەدەنگی داواکەی سەرۆکی گابۆنەوە دەچێت؟ کە هۆکاری کوشتن و پەراگەندەبوونی ژمارەیەکی زۆری منداڵانی وڵاتەکەیەتی". ئەمەش مانای وایە رێکخراوەکە بەشێوەیەکی روون داوا لە یونیسێف دەکات، چاو بە پۆستی بالیۆز بخشێنێتەوە کە بە مێسی بەخشیووە، مادامەکێ مامەڵە لەگەڵ تاوانباران دەکات و پێشێلی بنەمایەکی سەرەکی دەکات، کە ئەو دەستە گشتیەیەی لەسەر بەرپابووە.

## با داوای لێبوردن بکات

رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە راگەیاندراوەکەیدا هەوڵیدا سەرکۆنەی مێسی بکات بەشێوەکی تەواو و بەشێک لە بەرپرسیاریەتی ئەو تاوانانەشی خستە ئەستۆ، کە سەرۆکی گابۆن ئەنجامیان دەدات، چونکە بەدەنگەوەچوونی داوەتنامەکەی وەک هاندانێکە بۆ بۆنگۆ، بۆ ئەوەی لەسەر تاوانەکانی بەردەوام بێت و ئەوانی پێشووشی پەردەپۆش بکات. رێکخراوەکە چارەیەکی بۆ مێسی پێشنیاز کردووە، کە دەتوانێت لە رێگەیەوە بەرپرسیاریەتی خۆی لەو هەڵە گەورەیەی کردوویەتی بکێشێتەوە، ئەویش داوای لێبوردن کردنە لەپێش هەموو شتێک، لەوەش زیاتر داواکردنی دەستکردنە بە لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەو تاوانانەی سەرۆکی گابۆن ئەنجامی داون، نەخاسمە دەنگی ئەستێرەیەکی وەک مێسی لە هەموو جیهان دەبیسترێت.

پێدەچێت رێکخراوی هیومن رایتس وۆچ، بیەوێ رۆژەڤی بەدواکەوتنی سەرۆکی گابۆن لە میانی بەرکاهێنانی کارتی مێسی بکاتەوە، نەخاسمە سەردانەکەی مێسی بۆ گابۆن دەنگدانەیەوەکی زۆری لە جیهاندا هەبوو.

## هاوخەمی ئالانە

سەرەڕای ئەو هەموو تۆمەت و رەخنانەی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەهۆی سەردانەکەی بۆ گابۆن لە مێسی گیران، ئەو ئەستێرەیە رێکخراوێکی خێرخوازی داناوە بۆ پێشکەشکردنی کۆمەک بە منداڵە نەخۆش و هەژارەکانی جیهان و چەندین کار و پرۆژەی خزمەتگوزاری لە سەرانسەری جیهاندا پێشکەشی ئاوارەو نەخۆش و منداڵان کردووە. هەروەها بەمدواییە مێسی هاوخەمی خۆی بۆ ئالانی منداڵە تەمەن 3 ساڵەکەی رۆژئاوای کوردستان و هەموو کۆچبەران نیشاندا، کە لەناو دەریادا خنکاو تەرمەکەی لە کەنار دەریای بۆدروم لە تورکیا دۆزرایەوەو ئەو دیمەنە هەموو جیهانی هەژاند.






KOREK Telecom

ئینتەرنێتی EXTRA G بە ئارەزووی خۆت لەگەڵ 3 کەس بەش بکە

ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەرێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێك بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێك کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێك دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 رۆژ | 30 رۆژ | 30 رۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

411

korektel.com



## ڕاستە

ماڵپەڕی برنابیۆ دیجتالی بەناوبانگی ئیسپانی ئەو دەنگۆیەی پشتڕاستکردەوە کە بەر لە چەند ڕۆژێک لە ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا بڵاوکرایەوە، گوایە لە دوایین ڕۆژی میرکاتۆدا، داڤید دی خیای گۆڵچی ئیسپانی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی ڕووبەڕووی هەڕەشەی کوشتن بووەوە لەو بارەوە ئەو ماڵپەڕە نووسیویەتی «ڕاستە، جەماوەری ئەتلەتیکۆ مەدرید هەڕەشەی کوشتنیان لە دی خیا کردبوو ئەگەر بچێتە ریزەکانی یانەی ریال مەدریدی رکابەری یانەکەیان، چونکە پێشتر گۆڵچی یانەکەیان بووەو زۆر رقیان لە ریال مەدریدە».





# لە پشت پەردەوە

لەم گۆشەیەدا، بە چەند ئەڵقەیەک هەندێک نهێنی پشت پەردەی ئەستێرەکانی تۆپی پێ دەخەینەڕوو، کە ئەو ئەستێرانە یان نووسەرانی دیکە لە یاداشتەکانیاندا ئاشکرایانکردووە.

### نهێنی و شتە شاراوەکانی ئەفسانەی ژمارە 10

ئەو شتانەی لێرە باس دەکرێن، لەسەر زاری مارادۆنا لە کتێبی (من دییگۆم) بڵاوکراوەتەوە.

یادەوەرییەکانم لە هاڤانا دەست پێدەکەم، دواجار بڕیارم دا هەموو شتێک بگێڕمەوە، شتێکی سەیرە، دوای ئەو هەموو شتەی گوتم لە ژیانمدا. هەستدەکەم باسی گرنگترین شتەکانم نەکردووە، لەو ساتەدا کە جگەرەی کوبی دەکێشم هەموو شتێک بە بیری خۆم دەهێنمەوە، شتێکی خۆشە دان بەشتەکان بنێی کە تەندروستیت باشە، هەرچەندە هەڵەم کردووە هەست بە پەشیمانی ناکەم.

### خۆشی بردنەوە لە بەرازیل

«لە تۆرینۆ یاریگەی دوژمنەکانم لە یوڤانتۆس بێزێزی جەماوەر گەیشتە لوتکە، هەموو گومانیان لە پێکانم هەبوو، باسی ئەو تۆپەیان دەکرد کە بەرامبەر هەڵبژاردەی یەکێتی سۆڤیەت بە دەست گەڕاندمەوە».

«کەس باسی ئەو شەق و لێدانانەی نەدەکرد کە بەدرێژایی پاڵەوانیەتییەکە بەرم کەوتن، بەتایبەتی بەرامبەر کامیرۆن، هەر تاوانێک لە مۆندیال ڕوویدا منیان پێ تۆمەتبار دەکرد».

«هێڵی بەرگریمان زۆر بەهێز بوو، بەهۆی بوونی کانیجیا لەگەڵم، دەمانتوانی یارییەکان یەکلایی بکەینەوە».

«زەبرێکی ورەیی بەهێز بوو بۆ بەرازیل، چێژ لە برک و ژانی بەرازیلییەکان وەردەگرم، هەرچەندە کاریکا و ئەلیماو لە ناپۆلی هاوڕێم بوون، خۆشی بردنەوە لە بەرازیل هاوتای نییە لە ئەرجەنتین».

«ئەوانیش بە بردنەوەیان لە ئێمە دڵخۆش دەبن، زیاتر لەوەی بە بردنەوە لە ئەڵمانیا یان ئیتاڵیا یان هۆڵەندا دڵخۆش بن».

### خاوەن یاری جوان

«بەرازیل وتەی «خاوەن یاری جوانی» بە جیهان ناساند، ئێمەش یاری جوان پێشکەش دەکەین، ئەوان ئەو شتەیان قۆرخ نەکردووە».

«کەسایەتی بەرازیلیم خۆش دەوێ، بەڵام بەردەوام بە بردنەوە لێی دڵخۆش دەبم، ئەو رکابەری هەتا هەتاییمە».

«بەرازیل دواتر نازناوی مۆندیالی 1994 بەدەستهێنا، بەڵام خراپترین وێنەی بەرازیل بوو، تیپێکی زۆر ناشیرین بوو، هەڵبژاردەی 1982 دەیتوانی بە 5 گۆڵ لێی بباتەوە، بەڵام بەرامبەر ئیتاڵیا بەخت یاوەی نەبوو».

«خۆشی بردنەوە لە بەرازیل ئازاری پاژنەی پێی لەبیر بردمەوە، گەیشتن بە یاری کۆتایی نزیک بوویەوە».

### لێدانێکی سزای سەیر

«گەشتەکەمان لە ئیتاڵیا بەردەوام بوو، لە چارەکی کۆتایی بەرامبەر یۆگسلاڤیا یاریمان کرد لەسەر خاکی فلۆرەنسا، باش یاریمان کرد، بەڵام گۆڵمان تۆمار نەکرد، گەیشتە لێدانەکانی یەکلاییکەرەوە».

«ئیڤکۆڤیچ گۆڵچیان بوو، باش دەیناسم، لە جامی یویفا بەرامبەر تیپەکەی سپۆرتینگ لێشبۆنە یاریم کردبوو».

«ئیڤکۆڤیچ پێیگوتم بە 100 دۆلار گرەو دەکات لێدانەکەی من دەگێڕێتەوە. بە گەوجەیی لەدەستمدا، بە بێهیوایی گەڕامەوە ناوەڕاستی یاریگە».

«جۆیکۆشیای گۆڵچیمان پێیگوتم: نیگەران مەبە، دوو لێدان دەگەڕێنمەوە. هەرواشی کرد».

«لە بەخت باشی بردمانەوە و گەیشتنە یاری پێش کۆتایی».

### ڕووبەڕووبوونەوەی ئیتاڵیا لە ناپۆلی

«وەک هیچ یارییەکی نیوەی کۆتایی نەبوو، ڕووبەڕووبوونەوەکەمان لەگەڵ ئیتاڵیا و لە ناپۆلی بوو».

«بە ڕۆژنامەنووسانم گوت من دڵخۆشم، چونکە ئیتاڵییەکان ئێستا ناپۆلیان بیرکەوتووەتەوە. داوای هاندانی لێدەکەن».

«ناپۆلی دووچاری ڕەگەزپەرستییەکی ستەمکارانە هاتبووەوە و لە نێو ئیتاڵیا فەرامۆش کرابوو».

«ئەو قسەیەم بۆ هاندانی ناپۆلی لە دژی ئیتاڵیا نەبوو، تەنیا ڕاستیم دەگوت».



لەبەرئەوەی دەیەوێ ببێتە کۆپییەکی دووبارەی گواردیۆلا..

# بەریتانییەکان سەری زێدان دەشکێنن




**رووداوی وەرزشی ـ SPORT**

زێنەدین زێدانی، ئەفسانەی تۆپی پێی فەرەنسی لەسەر بەرگی گۆڤاری 4.4.2ی ئینگلیزی بە دیمەنێکی سەیر و نەشیاو دەرکەوت، کە خوێن لە دەموچاوی دەهات، وەک ئەوەی بەشداری لە یارییەکی بۆکسێن کردبێت.

گۆڤارەکە ژمارەی مانگی ئەیلوولی بۆ زێدان تەرخانکرد، کە چاوەکانی پەلما بوون و شتەکە بەو شێوەیە نەبوو کە هەندێک کەس گومانیان بۆی دەبرد، بەوەی لە ئاکامی شەڕی تۆڵەسەندنەوەی بەرگریکاری ئیتاڵی مارکۆ ماتیرازی بووە، دوای ئەوەی لە مۆندیالی 2206 زێدان بە کەللە لێیدا. وێنەکە بەرجەستەی ئەو برک و ژانە دەکات، کە زیزۆ دوای وازهێنانی بە دریسی ریال مەدرید دووچاری هات، تاوەکو بووە ڕاهێنەری تیپی لاوانی یانەکە (کاستیا)، کە هەنگاوێکە بۆ ڕێگەخۆشکردن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ببێتە ڕاهێنەری تیپی یەکەم. ڕاپۆرتی گۆڤارەکە باسی ئامادەکارییەکانی زێدان دەکات، بۆ ئەوەی ببێتە کۆپییەکی دووبارەی ئەزموونی پیپ گواردیۆلا لەگەڵ بارسێلۆنا، کە لە تیپی لاوان سەرخرا بۆ ئەوەی سەرکەوتووترین ماوە لە مێژووی بارسێلۆنا تۆمار بکات.

گۆڤارە بەناوبانگەکە لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژە بە لێدوانێکی زێدان دەکات کە دەڵێت "من وەک ڕاهێنەر خەم و ژانم زۆرە، زۆر لەوە زیاترە کە یاریزان بووم".



"هەڵبژاردەی هۆڵەندا دوای 37 یاری بۆ یەکەمجار دۆڕا"

"بەیڵ لە 9 گۆڵی هەڵبژاردەی وێڵز بەشداری لە 8 گۆڵ کردووە، 6 گۆڵی کردووە و 2 گۆڵیشی دروستکردووە"



## جوانترین لێدوانەکانی هەفتە



بێگومان نیمار یاریزانێکی زۆر گەورەیە، بەڵام بەشی ئەوە عەقڵی نییە ببێتە کاپتنی هەڵبژاردەی بەرازیل

لیۆناردۆ

(یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل)



بارسێلۆنا تاکە یانەی جیهانە دوو یاریگەی هەبێت، کامپ نو بۆ یاریکردن و سانتیاگۆ برنابیۆ بۆ ئەنجامدانی مەشقەکان

ماریۆ بالۆتێلی

(یاریزانی یانەی ئەی سی میلان)



کاتێک ڕۆناڵدینهۆ لە لوتکەی ئاستبەرزی خۆیدا بوو، زۆر لە لیۆنێل مێسی و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئێستا باشتربوو، هەرچەندە هێندەی ئەوان گۆڵی تۆمار نەدەکرد

ویلیان

(یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل)



دیمەنی ئەو منداڵەی تەرمەکەی لە کەنار دەریا دۆزرایەوە هەموو مرۆڤایەتی هەژاند، ئەوە کارەساتێکی گەورەبوو بەسەر جیهاندا هات

خافێر مارتینێز

(یاریزانی یانەی بایرن میونشن)



جەماوەری ریال مەدرید هەر فیکەی بۆ کاسیاس لێدا تا ناچاربوو بڕوات، دەرئەنجامەکەیشی ئەوەبوو ریال مەدرید سەرکردەیەکی گەورەی لەدەستدا

فلۆرەنتینۆ پیریز

(سەرۆکی یانەی ریال مەدرید)



بێگومان مێسی لە مارادۆنا باشترە، بەڵام حەزدەکەم وەک مارادۆنا بم، چونکە خەڵک دەڵێت مارادۆنا جامی جیهانی بردووەتە و مێسی نەیبردووەتەوە

واین ڕۆنی

(هێرشبەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرا)

رووداو وەرزشی
ژمارە (366) سێشەممە 2015/9/8

KOREK Telecom

## درۆیە

رۆژنامەکانی نزیک لە یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی ئەو هەواڵەی رۆژنامەی سپۆرتی کەتالۆنیان بەدرۆخستەوە، کە گوتبووی کیلۆر ناڤاسی گۆڵچی یانەی شاهانە، داوای لە فلۆرەنتینۆ پیریزی سەرۆکی ریال مەدرید کردووە مووچەکەی زیاد بکات، وەک قەرەبووکردنەوەیەک بۆ ئەوەی لە دوایین شەوی میرکاتۆدا بەسەریدا هات و نەچووە ریزەکانی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی. لەو بارەوە ئەو رۆژنامانە نووسیویانە «درۆیە، ناڤاس بارودۆخەکەی نەقۆستووەتەوە، بەڵکو خودی پیریز خۆی بڕیاریداوە وەک پاداشتێک مووچەی ناڤاس زیاد بکات».



### بە 3 کاتژمێر هەموو شتێکی بۆ کرا..

# مانسیتی دی برۆین دەباتە بەهەشت

**دی برۆین دابینکرا**

بەڕێوەبەری کارەکانی کیڤین دی برۆینی ئەستێرەی بەلجیکی، کە بە یانەی ڤۆلفسبۆرگی ئەڵمانییەوە چووە ریزەکانی یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی، ئاشکرایکرد کە رۆیشتنی ئەو یاریزانەو چۆنیەتی پێشوازی لێکردنی لەلایەن یانەی مانچستەر سیتییەوە بە فیلمێکی سینەمایی دەچوو.

بەڕێوەبەری کارەکانی یاریزانی بەلجیکی وردەکاری گواستنەوەی ئەوی یاریزانەی بۆ یانەی مانچستەر سیتی بە فیلمێکی سینەمایی چواندو لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی سپۆرزای بەلجیکی، گوتی "کیڤین بە بە فرۆکەیەکی تایبەت گواسترایەوە ئینگلتەرا و بە ئۆتۆمبێلێک لە جۆری لیمۆزین لە فرۆکەخانەی مانچستەر پێشوازیی لێکرا". هەروەها نابراو لەسەر گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێت "دوای گەیشتنمان بینیمان هەموو شتێک یەکلایی کراوەتەوە، خانوویەکیان بۆ دابینکردووەو ژمارەی بانکیان بە خێرایەکی بێوێنە بۆ کردووەتەوە، هەتا کڕینی مۆبایل و ئۆتۆمبێلیشیان لەبیر نەچووبووە، هەموو ئەو شتانە تەنیا بە 3 کاتژمێر ئەنجام دران". هەروەها گوتیشی "وەک ئەوەی دی برۆین لە بەهەشت بێت".

لەم لێدوانەدا دەردەکەوێت کە ئەستێرەی پێشووی ڤۆلفسبۆرگ بە ورژواندنە هەمەجۆرەکانی سیتی بە بەراورد بە یانەکانی دیکەی ئەورووپا رازی بوو، کە زۆر هەوڵیاندا لە ماوەی رابردوودا گرێبەستی لەگەڵ واژووبکەن.



## گەڕان بەدوای یاریزانانی کورد لە هەندەران

113

لە ئەوروپا و زۆر شوێنی دیکەی جیهاندا بەهرەی وەرزشیی کورد زۆرن، بەتایبەتیش بەهرەی تۆپی پێ، کە لەبەر چەند هۆکارێک لەوانەیە هێشتا زۆر لە خەڵکی کوردستان ئاشنایەتی لەگەڵیاندا نەبێت، بەتایبەتیش کە زۆر لەو بەهرانە لە هەندەران لەدایکبوونە یاخود بە منداڵیی لەگەڵ خێزانەکانیان لە کوردستانەوە بەرەو هەندەران کۆچیان کردووەو لەوێ پێگەیشتوون. (ئەیاس لێڕی) بە هاوکاری (رووداوی وەرزشی) ئەرکی گەڕان بەدوای ئەو بەهرانەی لەئەستۆگرتووە، کە پەنا بەخوا لەهەر ژمارەیەکی (رووداوی وەرزشی)دا یەکێک لەو بەهرانە بە خوێنەران دەناسێنین.

**ئا: ئەیاس لێڕی**



**ناو:** مەحموود ئۆزەن

**شوێنی لەدایکبوون:** سوێد

**بەرواری لەدایکبوون:** 1/9/1988

**شوێنی یاریکردن:** هێڵی بەرگری

**یانە:** مالمۆ

### لەبەرئەوەی کوڕێکی هێمن و خاکییە..

# ناڤاس خۆشەویستی ئەستێرەکانی ریال مەدریدە

**رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

باوکی گۆڵچی کۆستاریکی، کیلۆر ناڤاسی گۆڵچی ریال مەدرید، دەڵێت "کوڕەکەم لە دی خیا باشترە، بەڵام چاوی ئیسپانییەکان زیاتر ئیسپانییەکان دەبینێت". هەروەها دەشڵێت "لەبەرئەوەی ناڤاس کوڕێکی هێمن و خاکییە، رۆناڵدۆ و مارسێلۆ و رۆدریگز خۆشیان دەوێت".

فرێدی ناڤاس باسی ئەو رووداوەی کرد، کە لە دوایین رۆژی گواستنەوەی یاریزانان بەسەر کوڕەکەیدا هات و دەستەوارەی گواستنەوەی کوڕەکەی بۆ یانەی مانچستەر یونایتد سەری نەگرت، کە بڕیار بوو لەگەڵ دی خیا ئاڵوگۆڕی پێبکرێت، سەرنەگرتنەکەش بەهۆی دواکەوتنی گەیشتنی پەڕاوەکانی رێکەوتنەکە بوو بۆ یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا. لەو بارەوەی فرێدی گوتی "کوڕەکەم لە هەمووان باشترە، بەڵام خەریکبوو بچێتە مانچستەر یونایتد، چونکە رۆژنامەکان لە ئیسپانیا دی خیایان دەوێ و ناڤاسیان ناوێ". هەروەها گوتی "رۆژنامەکان دەیانەوێ گۆڵچییەکە ئیسپانی بێت و چاویان زیاتر ئیسپانییەکان دەبینێت".

باوکی ناڤاس، دووپاتیکردەوە ناڤاس باشترینەو گوتی "شتە باشەکە ئەوەیە کوڕەکەم لەلایەن گرنگترین ئەستێرەکانی تیپەکەی پشتیوانی لێدەکرێت و دۆستایەتی لەگەڵ دەکرێت. کریستیانۆ رۆناڵدۆ، مارسیلۆ و جیمیس رۆدریگز ناڤاسیان پێباشە و ئەوەشیان پێڕاگەیاندووە، چونکە کوڕەکەم دۆستی هەموانە لەبەرئەوەی کوڕێکی خاکی و هێمنە".

## 4 یاریزانی کورد بەشداری چامپیۆنسلیگی ئەمساڵ دەکەن

لەم وەرزەی چامپیۆنسلیگدا، لە کۆی ئەو 32 یانەیەی بەشداری لە قۆناخی کۆمەڵەکاندا دەکەن، 4یاریزانی کورد لەگەڵ 4 یانەی ئەوروپی بەشداری تێدا دەکەندەکەن، (رووداوی وەرزشی) زانیاری تەواو لەسەر کاروانی وەرزشی ئەو 4 یاریزانە کوردە، دەخاتەڕوو.

### مەحموود ئۆزەن



مەحموود ئۆزەنی کورد، خەڵکی باکووری کوردستانەو یاریزانی یانەی مالمۆی یەکەمی وڵاتی سوێدە.

سەرەتای یاریکردنی مەحموود ئۆزەن بۆ ساڵی 2008 دەگەڕێتەوە، کاتێک لە خولی پلە چواری سوێدی یاری بۆ یانەی Stafsinge IF دەکرد. ساڵی دواتر رووی لە یانەی Varbergs BoIS ی هەمان وڵات کرد. لە ساڵانی 2009 و 2010 لە خولی پلە سێی سوێدی لە 44 یاری بەشداری کرد و توانی گۆڵێک بۆ یانەکەی تۆماربکات. بۆ ساڵی 2011 یانەکەیان بۆ خولی سوێدی پلە دوو سەرکەوت و لەم خولەشدا لە 24 یاری یانەکەیدا بەشداری کرد و مەحموود ئۆزەنی کوردستانی ئاستێکی بەرزی لەگەڵ یانەکەیدا پێشکەشکرد. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی یانەی Mjällby AIF لە خولی نایابی سوێدی یاری بکات و ئۆزەن لەگەڵ ئەم یانەیەدا لە وەرزی 2012ی خولەکە، 5 یاری ئەنجامدا و یارییەکیشی لە جامی سوێد ئەنجام دا. لە ساڵی 2013شدا لە 23 یاری خولی نایاب و 4 یاری جامی سوێدی بەشداری کردو بەهۆی پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرزەوە یانەی مالمۆی پاڵەوان چاوی خستە سەر ئەم کوردەو لە 2014/1/1 گرێبەستێکی بە بڕی 100 هەزار یۆرۆی لەگەڵدا مۆرکرد.

لە وەرزی 2014ی خولی نایابی سوێد یارییەک و لە جامی سوێدی 2014ش دوو یاری ئەنجام دا. لە وەرزی 2014 ـ 2015 بەشێوەی خواستن و بۆ ماوەی ساڵێک رووی لە یانەی قەیسەری ئەرجییەسپۆری تورکی کرد و لە 12 یاری خولی سوپەرلیگی تورکی و یارییەکی جامی تورکیا بەشداربوو، ئێستاش گەڕاوەتەوە یانەی مالمۆی سوێدی و لەگەڵ یانەکەی لە خولی نایابی سوێدی و جامی سوێدی و چامپیۆنسلیگی 2015 ـ 2016 بەشدار دەبێت، کە یانەکەی لە گرووپی یەکەمی چامپیۆنسلیگدا، بەرامبەر یانەکانی ریال مەدریدی ئیسپانی و پاریس سانجێرمانی فەرەنسی و شاختار دۆنیستیک یاری دەکات.

### ئەو ژمارە و زانیاریانەی حەزدەکەی بیانزانی..

# چێڵسی 33 یاریزانی بەخواستن داوەتە یانەکانی دیکە

**ئا: رووداوی وەرزشی**

لە جیهانی وەرزش بە گشتی و تۆپی پێدا زۆر رووداو و زانیاری هەن، بۆ تۆ تازەن و حەزدەکەی بیانزانی، یاخود ئەگەر نوێش نەبن، پێتخۆش بیرت کەونەوە. ئەمانە هەندێکیانن.

* رۆناڵدۆی دیاردەی بەرازیلی بچووکترین یاریزانە خەڵاتی باڵۆنی دۆری وەرگرتووە، ساڵی 1996 تەمەنی 20 ساڵان بوو، کە خەڵاتی باڵۆن دۆری بردەوە. دوو رکابەرەکەیشی جۆرج ویای لیبیری و ئالان شیراری ئینگلیزی بوون.

* یانەی بورۆسیا دۆرتمۆند خێرایی ئینتەرنێتی لەنێو یاریگەکەی کەم دەکاتەوە، لەپێناو پشتیوانی و هاندانی تیپەکە.

* ئالان شیراری هێرشبەری پێشووی یانەی نیوکاسڵ یونایتدی ئینگلیزی، گۆڵکاری مێژوویی پریمەرلیگە بە 260 گۆڵ، هەر خۆیشی زۆرترین هاتریکی لە مێژووی پریمەرلیگ تۆمارکردووە، کە 11 هاتریکە، هەروەها زۆرترین گۆڵی لە یەک وەرزدا تۆمارکردووە بە سیستمی 20 تیپ (31 گۆڵ لە 38 یاری) لە سیستمی 22 تیپیش (34 گۆڵ لە 42 یاری).

* ئارییل ئۆرتیگای ئەستێرەی ئەرجەنتینی و ئەفسانەی یانەی ریڤەر پلەیت، ئەو یاریزانە بوو کە هەموو دەیانگوت دەبێتە جێگرەوەی مارادۆنا، بەڵام چوونی بۆ ئیتاڵیا لە تەمەنێکی زوو ئەو دەرفەتەی لێسەندەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئۆرتیگا ئەوەندەی بەسە کە مارادۆنا داوایکرد دوای وازهێنانی لە یاری نێودەوڵەتی درێسی ژمارە 10ی هەڵبژاردەی تانگۆی ئەرجەنتینی پێ بدرێت.

* ئەو گۆڵچییەی تۆتی زۆرترین گۆڵی لێ تۆمارکردووە، جیانلویجی بۆفۆنی گۆڵچی یانەی یوڤانتۆسە، بە 11 گۆڵ، ئەو یاریزانەی زۆرترین گۆڵی لە گۆڵی بۆفۆن تۆمارکردووە هەر تۆتییەو هەر بە 11 گۆڵیش.

* هەڵبژاردەی هۆڵەندا تووشی یەکەم دۆڕان بوو لەسەر خاکی خۆی لە پاڵاوتنەکانی یۆرۆ و مۆندیال، لە مانگی تشرینی یەکەمی 2000 تاوەکو ئێستا (33 یاری بردووەتەوە و لە 4 یاریش یەکسان بووە). واتە 37 یاریدا نەدۆڕاوە.

* 76 گۆڵ لە گەڕی سێیەمی پاڵاوتنەکانی ئاسیا بۆ مۆندیال تۆمارکران، قەتەر بردنەوەیەکی مێژوویی تۆمارکرد 15 ـ 0، ئیمارات 10 ـ 0، کوێت 9 ـ 0، کۆریای باشوور 8 ـ 0، سعوودیە 7 ـ 0، ئێران 6 ـ 0، ئوسترالیا 5 ـ 0 و عێراق 5 ـ 1 گۆڵ.

* گاریس بەیڵ ئەستێرەی ریال مەدرید، لە کۆی 9 گۆڵی هەڵبژاردەی ویلز لە پاڵاوتنەکانی یۆرۆ بەشداری لە 8 گۆڵ کردووە، 6 گۆڵی کردووە و 2 گۆڵیشی دروستکردووە.

* رۆژنامەی ئیل مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتالۆنی ئەو دەنگانەی ئاشکراکرد کە رۆناڵدۆیان بە باشترین یاریزانی ئەورووپا هەڵبژاردبوو، دووپاتیشی کردەوە لیژنەی راسپێردراو 54 رۆژنامەنووسی دەستنیشانکرد لەهەر وڵاتێک بۆ دەنگدان، رۆناڵدۆ دوو دەنگی بەدەستهێنا کە رۆژنامەکە دەڵێت دەنگەکانی ئەو لە تورکیا و پورتوگال بوون.

* 33 یاریزانی چێڵسی بە خواستن بە یانەکانی دیکەی دراون. 1 گۆڵچی، 11 بەرگریکار، 11 ناوەڕاست و 10 هێرشبەر، کە بەرەو زۆربەی وڵات و خولەکانی ئەورووپا رۆیشتوون.. ئینگلتەرا، ئیتاڵیا، هۆڵەندا، بەلجیکا، فەرەنسا، تورکیا، ئەڵمانیا، سکۆتلەندا، کرواتیا و پورتوگال، شتێکی ترسناک و سەیرە.. یاریزانی زیاتر لە دوو تیپ لە دەرەوەی یانەکەن.

* عومەر عەبدولڕەحمان یاریزانی هەڵبژاردەی ئیمارات ناوی دەچێتە نێو مێژوو، وەک یەکەم یاریزان لە جیهاندا، کە لە یەک یاریدا بەرامبەر هەڵبژاردەی مالیزیا 6 گۆڵی دروستکرد.



» سەرۆک و راهێنەران هۆکاری کێشەکانی ریال مەدریدن، چونکە باشترین ئەستێرەکانی جیهان دەکڕن، بەڵام حساب بۆ ئەوە ناکەن کە ئەو ئەستێرانە تا چەند لەگەڵ یەکدی دەگونجێن

ئەریگۆ ساکی
(راهێنەری بەناوبانگی ئیتاڵی)



» پێکەنینم بە هەندێک لە دەزگاکانی راگەیاندن دێت کە دەڵێن هەندێک یاریزان بە قسەی بینیتێز ناکەن، من راهێنەرم و کەس بۆی نییە سەرپێچی لە فەرمانەکانم بکات

رافا بینیتێز
(راهێنەری یانەی ریال مەدرید)



» لە راستیدا ئەوکاتەی یاریزانی یانەی مانچستەر یونایتد بووم زۆر شت لە کریستیانۆ رۆناڵدۆ و واین رۆنی فێربووم

جیرارد پیکێ
(بەرگریکاری یانەی بارسێلۆنا)



» پێم سەیربوو کە مانچستەر یونایتد بۆ کڕینی ئەنتۆنیۆ مارسیال 57.6 ملیۆن پاوەندی پێدان، چونکە دەیتوانی بەو پارەیە نیمار یان سوارێز بکڕێت

ڤادیم ڤاسیلیڤ
(جێگری سەرۆکی یانەی مۆناکۆ)



» ئاسانترین بڕیار لە ژیانمدا ئەوەبوو کە بڕیارمدا یاری بۆ هەڵبژاردەی بەرازیل بکەم و هەڵبژاردەی ئیسپانیا رەتبکەمەوە، چونکە من 100 % بەرازیلم

رافینیا ئەلکانتارا
(یاریزانی یانەی بارسێلۆنا)



» پێویستە بالۆتێلی ئاستی یاریکردنی خۆی باش بکات و رەفتاری هەڵەش نەکات، ئەگەرنا باش دەزانێت چارەنووسی چی دەبێت

سینیسا میهایلۆڤیچ
(راهێنەری یانەی میلان)



## وەفادارە

سەرەڕای ئەوەی کۆتاییەکەی لەگەڵ ریال مەدرید بەدڵی نەبوو، کە ئەو یانەیە دوای تەواوبوونی ماوەی خواستنی، نەیویست گرێبەستی لەگەڵ مۆربکات و تەنانەت نەیویست ماوەی خواستنەکەیشی بۆ نوێ بکاتەوە، بەڵام چیچاریتۆی یاریزانی مەکسیکی لەگەڵ ئەوەشدا سەلماندی کە وەفادارە بۆ هاوڕێکانی لە ریال مەدرید، بەتایبەتیش بۆ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی. چیچاریتۆ کە گرێبەستی لەگەڵ یانەی بایرلیڤەرکۆزنی ئەڵمانی مۆرکرد، داوای درێسی ژمارە 7ی کرد وەک ڕێزلێنانێک لە ڕۆناڵدۆ، بەو پێیەی وەک خۆی دەڵێت "ڕۆناڵدۆ لە ریال مەدرید زۆر یارمەتی داوم".

# هەموو شــتێک لە بارەی میرکاتۆی ئەم هاوینە

## "لە بازاڕی گواستنەوەی لە 5 خولە گەورەکەی ئەوروپادا 3 ملیار یۆرۆ خەرجکراوە"

**ئا: سەفین تەها**

وەک هەمـوو ساڵێک میرکاتـۆی هاوینی ئەمساڵیش پڕبـوو لـە کڕیـن و فرۆشـتنی ئەسـتێرەو یاریزانانی تۆپی پێ، بەتایبەتیش لەنێـوان هـەر 5 گـەورە خولـی تۆپـی پێی ئەوروپا، ئینگلتەرا، ئیسپانیا، ئیتاڵیا، ئەڵمانیا و فەرەنسـا. دەرئەنجام سـەدان گرێبەسـت مۆرکـران، کـە هەندێکیـان گرانبەهـا بوون و هەندێکیشـیان هـەرزان بەهـا. هەندێکیان چـاوەڕوان کراو و هەندێکی دیکەش چاوەڕوان نەکـراو بـوون. هەروەها پێشـبینیش دەکرا هەندێک گرێبەست ئەنجام بدرێن، بەڵام دواجار کاتی میرکاتۆ تەواوبوو، ئەو گرێبەسـتانەش ئیمزا نەکران.

لەم راپۆرتە گرافیکییەدا، زۆرترین زانیاری لە بارەی گرنگترین گرێبەستەکانی میرکاتۆی ئەم هاوینە، لە هەر 5 گەورە خولی ئەوروپادا دەخەینەڕوو:




### گەورەترین ئەو گرێبەستانەی نەگەیشتنە ئەنجام

لەم میرکاتۆیەی هاویندا، هەندێک گرێبەستی گەورە پێشبینی کراو بوون، تەنانەت هەندێکیان تەنیا چەند خولەکێکیان مابوو بۆ ئیمزاکردن، بەڵام لە دوا ساتەکاندا بە ئەنجام نەگەیشتن:

* داڤید دی خیا، گۆڵچی ئیسـپانی، لە مانچسـتەر یونایتـدی ئینگلیزی بۆ ریال مەدریدی ئیسپانی

* پۆل پۆگبای فەرەنسی، لە یوڤانتۆسی ئیتاڵی بۆ ریال مەدرید یان بارسێلۆنای ئیسپانی

* گاریـس بەیڵـی وێڵزی، لـە ریال مەدریـدی ئیسـپانی بـۆ مانچسـتەر یونایتـدی ئینگلیزی

* ماریـۆ گۆتـزەی ئەڵمانـی، لە بایرن میونشـنی ئەڵمانی بۆ یوڤانتۆسی ئیتاڵی

* کەریم بنزیمەی فەرەنسی، لە ریال مەدریدی ئیسپانی بۆ ئارسناڵی ئینگلیزی.




### ئینگلتەرا (پریمەرلیگ)

* خولـی ئینگلیزی، ملیارێـک و 178 ملیۆن یۆرۆی خەرجکردووە، کە زۆرترینە لە هەموو جیهاندا
* مانچسـتەر سـیتی 203 ملیۆن یۆرۆ زۆرتریـن پـارەی لەسـەر ئاسـتی یانەکانی جیهاندا خەرجکردووە
* کیڤـن دیبرۆینـی یاریزانی مانچسـتەر سیتی گرانترین یاریزانی بازاڕی گواستنەوەکان بوو، بە 75 ملیۆن یۆرۆ
* ئانتۆنی مارشـیالی یاریزانی مانچستەر یونایتد بووە گرانترین یاریزانی مێژوو لەسەر ئاستی لاوان، کە نرخەکەی 50 ملیۆن یۆرۆ بوو
* 325 یاریـزان هاتوونەتـە خولـی پرێمەرلیگی ئینگلیـزی، کە بایی ملیارێک و 178 ملیۆن یۆرۆ بوون
* 400 یاریـزان خولـی ئینگلیزیـان جێهێشت، کە بایی 600 ملیۆن یۆرۆ بوون
* 579 ملیـۆن یـۆرۆ زەرەرکـراوە لـە گواستنەوەکانی ئینگلتەرا.




### ئەڵمانیا (بۆندسلیگا)

* بۆندسلیگای ئەڵمانیا چوارەم زۆرترین پارەی خەرجکردووە، کە 410 ملیۆن یۆرۆ بووە
* یانەی بایرن میونشـن زۆرترین پارەی خەرجکردووە، کە 86 ملیۆن یۆرۆ بووە
* ئارتـورۆ ڤیدال بەبڕی 37 ملیۆن یۆرۆ چووەتە بایرن میونشـن، کە زۆرترین پارەی پێدراوە
* 216 یاریـزان بۆندسـلیگایان جێهێشتووە، کە بایی 477 ملیۆن یۆرۆ بوونە
* 236 یاریـزان هاتوونەتـە خولـی ئەڵمانیا، کە بایی 410 ملیۆن یۆرۆ بوونە
* خولی ئەڵمانیا بـڕی 68 ملیۆن یۆرۆ قازانجی لە فرۆشی یاریزانەکانیدا کردووە




### ئیتاڵیا (سیریا ئەی)

* دووەم زۆرترین پارەی لەسـەر ئاسـتی پێنچ خولە گەورەکەی ئەوروپا خەرجکردووە، کە 577 ملیۆن یۆرۆیە
* یۆڤێنتـۆس 127 ملیـۆن یـۆرۆی خەرجکرد، کە زۆرترینە لەسەر ئاستی ئیتاڵیا
* پاولـۆ دیبـالا بایـی 35 ملیـۆن یۆرۆ بوو، کـە گرانترین یاریزانی سـێریا ئەی بوو لە هاویندا
* 765 یاریزان هاتوونەتە خولی ئیتاڵیا، کە بایی 577 ملیۆن یۆرۆ بوون
* 718 یاریـزان خولـی ئیتاڵیـان جێهێشتووە، کە بایی 505 ملیۆن یۆرۆ بووە
* خولی ئیتاڵیا 72 ملیۆن یۆرۆ زەرەری کردووە.




### فەرەنسا (لیگ وەن)

* خولـی لیـگ وەن بـڕی 307 ملیۆنـی یۆرۆی خەرکرد و پێنچەمی ریزبەندی خولەکانی ئەوروپای گرتووە لە ڕووی کڕینی یاریزانەوە.
* پاریـس سـانجێرمان زۆرتریـن پـارەی خەرجکرد، کە 116 ملیۆن یۆرۆ بووە
* ئەنخێل دی ماریا گرانترین یاریزانی خولی فەرەنسییە بەبڕی 63 ملیۆن یۆرۆ
* 248 یاریزان ئەم خولەیان جێهێشتووە، کە بایی 403 ملیۆن یۆرۆ بوونە
* 254 یاریـزان هاتوونەتە لیـگ وەن، کە بایی 307 ملیۆن یۆرۆ بوونە
* خولـی فەرنسـی بایـی 96 ملیۆن یۆرۆ قازانجی لە فرۆشـتن و کڕینی یاریزانەکانی کردووە.




### ئیسپانیا (لا لیگا)

* سـێیەم زۆرتریـن ڕێـژەی پـارەی خەرجکردووە، کە 573 ملیۆن یۆرۆ بووە
* گرانتریـن یاریزانـی خولـی ئیسـپانیا جاکسۆن مارتینێزی یاریزانی ئاتلێتکیۆ مەدرید بوو بە 35 ملیۆن یۆرۆ
* یانـەی ڤالێنسـیا زۆرتریـن پـارەی خەرجکردووە، کە 142ملیۆن یۆرۆ بووە
* 297 یاریـزان هاتوونەتـە یانەکانـی ئیسپانیا، کە بایی 574 ملیۆن یۆرۆ بوونە
* 282 یاریـزان خولـی ئیسـپانیایان جێهێشتووە، کە بایی 388 ملیۆن یۆرۆ بوونە
* خولی ئیسـپانیا 185 ملیـۆن یۆرۆی زەرەرکردووە.



ژمارە (366) سێشەممە 2015/9/8

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

**پاڵاوتنەکانی یۆرۆ**
ئینگلتەرا - سویسرا
سێشەممە 2015/9/8
09:45

**پاڵاوتنەکانی مۆندیال**
تایلەند - عێراق
سێشەممە 2015/9/8
03:00

**دۆستانە**
ئەمریکا - بەرازیل
چوارشەممە 2015/9/9
AM 03:00

**دۆستانە**
ئەرجەنتین - مەکسیک
چوارشەممە 2015/9/9
AM 05:30

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 3)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2015/9/11** | |
| لیڤانتی - سڤیلیا | 09:30 |
| **شەممە 2015/9/12** | |
| ئیسپانیۆل - ریال مەدرید | 05:00 |
| خیخۆن - ڤالێنسیا | 07:15 |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید - بارسێلۆنا | 09:30 |
| ریال بیتیس - ریال سۆسیداد | 11:00 |
| **یەکشەممە 2015/9/13** | |
| گرانادا - ڤیاریال | 01:00 |
| ئەتلەتیک بلباو - گیتافی | 05:00 |
| سێلتاڤیگۆ - لاس پالماس | 07:15 |
| مەلەگە - ئیبار | 09:30 |
| **دووشەممە 2015/9/14** | |
| رایۆ ڤالیکانۆ - دیپۆرتیڤۆ | 09:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - سێلتاڤیگۆ | 6 |
| 2 - ئیبار | 6 |
| 3 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 6 |
| 4 - بارسێلۆنا | 6 |
| 5 - ریال مەدرید | 4 |
| 6 - ڤیاریال | 4 |
| 7 - گرانادا | 3 |
| 8 - ئیسپانیۆل | 3 |
| 9 - دیپۆرتیڤۆ | 2 |
| 10 - ڤالێنسیا | 2 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - بەیڵ | ریال مەدرید | 2 |
| 2 - رۆدریگز | ریال مەدرید | 2 |
| 3 - نۆلیتۆ | سێلتاڤیگۆ | 2 |
| 4 - سۆلدادۆ | ڤیاریال | 2 |
| 5 - گۆنزالیس | ئیبار | 2 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 5)

| | |
|---|---|
| **شەممە 2015/9/12** | |
| ئێڤەرتۆن - چێڵسی | 02:45 |
| ئارسناڵ - ستۆک سیتی | 05:00 |
| کریستال پالاس - مانچستەر سیتی | 05:00 |
| نۆرویچ سیتی - بۆرنیمۆس | 05:00 |
| واتفۆرد - سوانزی سیتی | 05:00 |
| وێست برۆمیچ - ساوسهامتۆن | 05:00 |
| مانچستەر یونایتد - لیڤەرپوول | 07:30 |
| **یەکشەممە 2015/9/13** | |
| سەندەرلاند - تۆتنهام | 03:30 |
| لیستەر سیتی - ئەستۆن ڤێلا | 06:00 |
| **دووشەممە 2015/9/14** | |
| وێستهام - نیوکاسڵ | 10:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - مانچستەر سیتی | 12 |
| 2 - کریستال پالاس | 9 |
| 3 - لیستەر سیتی | 8 |
| 4 - سوانزی سیتی | 8 |
| 5 - مانچستەر یونایتد | 7 |
| 6 - ئارسناڵ | 7 |
| 7 - لیڤەرپوول | 7 |
| 8 - وێستهام | 6 |
| 9 - ئێڤەرتۆن | 5 |
| 10 - ساوسهامتۆن | 5 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ریاز | لیستەرسیتی | 4 |
| 2 - ویلسۆن | بۆرنیمۆس | 4 |
| 3 - گۆمێز | سوانزی سیتی | 4 |
| 4 - کومپانی | مانچستەرسیتی | 2 |
| 5 - تۆرێیانە | مانچستەر سیتی | 2 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 4)

| | |
|---|---|
| **شەممە 2015/9/12** | |
| فیۆرەنتینا - جێنەوا | 07:00 |
| فرۆزینۆنی - رۆما | 07:00 |
| یوڤانتۆس - کیێڤۆ | 09:45 |
| **یەکشەممە 2015/9/13** | |
| ڤیرۆنا - تۆرینۆ | 01:30 |
| ئیمپۆلی - ناپۆلی | 04:00 |
| پالێرمۆ - کارپی | 04:00 |
| سامپدۆریا - بۆلۆنیا | 04:00 |
| ساسۆلۆ - ئاتالانتا | 04:00 |
| لازیۆ - ئۆدینێزی | 07:00 |
| ئینتەرمیلان - میلان | 09:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - کیێڤۆ | 6 |
| 2 - تۆرینۆ | 6 |
| 3 - ئینتەرمیلان | 6 |
| 4 - ساسۆلۆ | 6 |
| 5 - پالێرمۆ | 6 |
| 6 - سامپادۆریا | 4 |
| 7 - رۆما | 4 |
| 8 - ئاتالانتا | 3 |
| 9 - جێنەوا | 3 |
| 10 - فیۆرەنتینا | 3 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - مارتینز | سامپادۆریا | 3 |
| 2 - بالۆسکی | ڤیرۆنا | 3 |
| 3 - یۆڤیتیچ | ئینتەرمیلان | 3 |
| 4 - مۆرێل | سامپادۆریا | 2 |
| 5 - هیگواین | ناپۆلی | 2 |

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 4)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2015/9/11** | |
| مونشنگلادباخ - هامبۆرگ | 09:30 |
| **شەممە 2015/9/12** | |
| بایرلیڤەرکۆزن - دارمشتات | 04:30 |
| بایرن میونشن - ئوگسبۆرگ | 04:30 |
| ئینگۆلشتات - فۆلفسبۆرگ | 04:30 |
| هانۆڤەر - بورۆسیا دۆرتمۆند | 04:30 |
| هێرتا بەرلین - شتۆتگارت | 04:30 |
| فرانکفۆرت - کۆڵن | 07:30 |
| **یەکشەممە 2015/9/13** | |
| هۆفنهایم - ڤێردەربرێمەن | 04:30 |
| شالکە -ماینز | 06:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 9 |
| 2 - بایرن میونشن | 9 |
| 3 - فۆلفسبۆرگ | 7 |
| 4 - کۆڵن | 7 |
| 5 - ماینز | 6 |
| 6 - بایرلیڤەرکۆزن | 6 |
| 7 - ئینگۆلشتات | 6 |
| 8 - فرانکفۆرت | 4 |
| 9 - شالکە | 4 |
| 10 - هێرتا بەرلین | 4 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - مۆلەر | بایرن میونشن | 5 |
| 2 - ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 3 |
| 3 - مخیتاریان | بورۆسیا دۆرتمۆند | 2 |
| 4 - هێلەر | دارمشتات | 2 |
| 5 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 2 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 5)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2015/9/11** | |
| پاریس سانجێرمان - بۆردۆ | 09:30 |
| **شەممە 2015/9/12** | |
| لیۆن - لیل | 06:00 |
| لۆریان - ئەنجی | 09:00 |
| مۆنپێلیە - سانت ئیتیان | 09:00 |
| نیس - گانگۆن | 09:00 |
| تۆلۆز - ریمس | 09:00 |
| تروا - کان | 09:00 |
| **یەکشەممە 2015/9/13** | |
| ئەجاکسیۆ - مۆناکۆ | 03:00 |
| نانت - رین | 06:00 |
| مارسیلیا - باستیا | 10:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - پاریس سانجێرمان | 12 |
| 2 - ریمس | 9 |
| 3 - رین | 9 |
| 4 - ئەنجی | 8 |
| 5 - لیۆن | 7 |
| 6 - باستیا | 7 |
| 7 - سانت ئیتیان | 7 |
| 8 - نانت | 7 |
| 9 - کان | 6 |
| 10 - بۆردۆ | 5 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - نەبیل | لیۆن | 4 |
| 2 - ماتویدی | پاریس سانجێرمان | 2 |
| 3 - ئاییتی | باستیا | 2 |
| 4 - بن عەرەفە | نیس | 2 |
| 5 - پاتشوای | مارسیلیا | 2 |

## پاڵاوتنەکانی یۆرۆی 2016

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2015/9/8** | |
| مەگدۆنیا - ئیسپانیا | 09:45 |
| لیشتنشتاین - رووسیا | 09:45 |
| سلۆڤینیا - ئیستۆنیا | 09:45 |
| لیتوانیا - سان مارینۆ | 09:45 |
| مۆڵدۆڤا - چیای رەش | 09:45 |
| ئینگلتەرا - سویسرا | 09:45 |
| سوێد - نەمسا | 09:45 |
| سلۆفاکیا - ئۆکرانیا | 09:45 |
| بیلارووسیا - لۆکسمبۆرگ | 09:45 |

| یاریزان | هەڵبژاردە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - رۆبێرت لیڤاندۆڤسکی | پۆڵەندا | 8 |
| 2 - ئیدین دزیکۆ | بۆسنەو هێرسک | 7 |
| 3 - واین رۆنی | ئینگلتەرا | 7 |
| 4 - دانی ویلباک | ئینگلتەرا | 6 |
| 5 - گاریس بەیڵ | وێڵز | 6 |

## پاڵاوتنەکانی ئاسیا (مۆندیال)

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2015/9/3** | |
| غوام - عومان | AM 09:00 |
| تایوان - ڤێتنام | 02:00 |
| کەمبۆدیا - سووریا | 02:30 |
| دۆرگەکانی مالدیڤ - چین | 02:35 |
| هۆنگ کۆنگ - قەتەر | 03:00 |
| بەنگلادش - ئوردن | 03:00 |
| تایلەند - عێراق | 03:00 |
| فلپین - ئۆزبەگستان | 03:00 |
| لاوس - کوێت | 03:00 |
| ئەفغانستان - ژاپۆن | 03:25 |
| مالیزیا - سعوودیە | 03:45 |
| تاجیکستان - ئۆستڕالیا | 04:00 |
| هیندستان - ئێران | 04:35 |
| فەلەستین - ئیمارات | 05:00 |
| لوبنان - کۆریای باشوور | 05:00 |
| یەمەن - بەحرێن | 07:00 |

**خولی ئینگلتەرا**
ئێڤەرتۆن - چێڵسی
شەممە 2015/9/12
02:45

**خولی ئینگلتەرا**
مانچستەر یونایتد - لیڤەرپووڵ
شەممە 2015/9/12
07:30

**خولی ئیسپانیا**
ئەتلەتیکۆ مەدرید - بارسێلۆنا
شەممە 2015/9/12
09:30

**خولی ئیتاڵیا**
ئینتەرمیلان - میلان
یەکشەممە 2015/9/13
09:45

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (366) سێشەممە 2015/9/8



## بێزارە

بەرنامەی شیرینگیتۆ ئیسپانی ئاشکرایکرد کە ئیسکۆی یاریزانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی بێزارە لەو بارودۆخەی ئێستا لەگەڵ یانەکەی پێدا تێپەردەبێت، کە بەشێکی زۆری کاتەکەی لەسەر کورسی یەدەگ بەسەردەبات. لەو بارەوە پێشکەشکاری بەرنامەکە، گوتی «ئیسکۆ بێزارە، چونکە پێشتر تەنیا جیمیس رۆدریگز رکابەری بوو، ئێستا ماتیۆ کۆڤاسیچی کرواتیش هاتووەتە ریزەکانی یانەی شاهانە، بۆیە ئیسکۆ دەیەوێ لە میرکاتۆی زستانەدا بەشێوەی خواستن بچێتە یەکێک لەو یانانەی داوای تواناکانی دەکەن».

## هەڵگری سیفەت و خەسڵەتی ئەستێرە گەورەکانە..

# باڵاکی نوێ بەڕێوەیە



**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

یاریزانێکی ئەڵمانی تەمەن 22 ساڵ، سەرەنجی هەموو ئەڵمانیای راکێشاوەو چاوەڕوان دەکرێت ببێتە یەکێک لە باشترین یاریزانانی ئەو وڵاتە. هەندێکیش بە «مایکل باڵاکی نوێی ئەڵمانیا» ناوی دەبەن.

یۆهاینس گایس، یاریزانێکی تازە هەڵکەوتووی ئەڵمانییە، یان وەک ئەڵمانییەکان پێیدەڵێن «مایکل باڵاکی تازەی ئەڵمانیا». ئەو دینامۆی هێڵی ناوەڕاستی یانەی شاڵکەی دروستکەری ئەستێرەکانە، یاریزانی چەقە بە کوالێتی پلەی مەیکەر، ئەوەی وەرزی رابردوو لەگەڵ یانەی ماینز چاوی پێیکەوتبێت ئەو راستییە دەزانێت، کە یۆهاینس یاریزانێکی سەرسوڕهێنەرەو دوارۆژێکی گەورە لە چاوەڕوانیدایە.

ئەو یاریزانە هەڵگری کۆمەڵێک سیفەت و خەسڵەتی ئەستێرە گەورەکانە، بۆیە ئەڵمانییەکان دڵیان بەوە خۆشە کە لە ئاییندەیەکی نزیکدا دەبنە خاوەنی ئەستێرەیەکی سوپەر و دەڵێن «باڵاکی نوێ بەڕێوەیە».

ئەو یاریزانە لاوە، کۆنترۆڵکردنی تۆپی زۆر بەرزە، زۆر ژیرە و تێڕوانینی بۆ یاریگە فراوانە، پاسەکانی زۆر بەدیقەتە. لە هەمووشیان گرنگتریش ئەوەیە کە زۆر بەتوانایە لە جێبەجێکردنی لێدانە راستەوخۆکان لە هەموو ماوەو گۆشەکاندا. بەبەڵگەی ئەوەی ئەو یاریزانە تەمەن 22 ساڵانە لەم وەرزەدا تاوەکو ئێستا دوو گۆڵی بە لێدانی راستەوخۆ تۆمارکردووە.

## عاشقی لیڤەرپوول و جیراردە..

# توران: خەڵکی ئیرەیی بە ریشەکەم دەبەن



**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

ئەردا توران، یاریزانی تورکی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی لە هەڤپەیڤینێکدا باس لە خۆشەویستی خۆی بۆ رەنگی سوور دەکات و دەشڵێت "خەڵکێکی زۆر ئیرەیی بە ریشەکەم دەبەن".

پێدەچێت دوای چوونی بۆ یانەی بارسێلۆنا بەینی ئەردا توران لەگەڵ رەنگی سوور کۆتایی بێت، چونکە ئەردا پێشتر چەندینجار شەیدایی خۆی بۆ رەنگی سوور دەربڕیووە. ئەو لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گۆڤارێکی ئینگلیزی، خۆشەویستی خۆی بۆ ئەو رەنگە دووپاتکردەوەو لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا یانەی لیڤەرپوولت خۆشدەوێ؟. گوتی "بەڵێ بێگومان، من تەنانەت لە یاری پلەیستەیشنیش بەردەوام بۆ ئەو تیپانە یارییم کردووە کە رەنگی درێسیان سوورە، وەک گەڵاتەسەرای، مانسیا سپۆر و تورکیا، من بەردەوام یەکێک بووم لە سەرسامانی ستیڤن جیرارد، لەبەرئەوە پێتدەڵێم بەڵێ دڵم بۆ یانەی لیڤەرپوول لێدەدات، نەخاسمە مێژوو و کەشوهەوای خەیاڵی یاریگەی ئەنفیڵد".

توران لە بارەی ریشە درێژەکەیشی بە پێکەنینەوە گوتی "خەڵکێکی زۆر ئیرەیی بە ریشەکەم دەبەن، شتێکی جوانە گوێمان لە خەڵکی بێت کە بە ریشم سەرسامن، بەڵام دەمەوێ ماوە ماوە چێژ لە کردەوەکانم وەرگرم".

ڕووداو وەرزشی

## LOTTO

(ڕووداوی وەرزشی)

بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە

ناو : ..............................................

مۆبایل : ..............................................

4

چل و سێیەمیین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

**خەڵاتەکان خەڵاتەکان**

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی.
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD.
3 ـ کۆمپیۆتەری لاپتۆپ.
4 ـ کۆمپیۆتەری لاپتۆپ.
5 ـ مۆبایل.

## پێشبڕکێ

به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

نامەیەک بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:
0750 760 5215
لەگەڵ ناوی خۆت



هونەر یونس
لە
هەولێر

بە لێدوانی:

(لە مەشقپێدان لێزانم، لە ئەنجامەکان بێزارم)

بووە براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو.






سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

ڕووداو وەرزشی
ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە
www.rudaw.net
هەموو دووشەممەیەک
ڕووداو
بخوێنەوە